کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
30-5-2007 21:41بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## کاتێ خێزان ڕۆڵی کاریگەری خۆی لە دەست دەدات! ... محمەد بەرزنجی

سوید

لە سەرەتای بوونی مرۆڤایەتییەوە تاکو ئێستا مرۆڤ بەچەند قۆناغێکی جیاوازو جۆراو جۆردا تێپەریوە، هەر قوناغەش بە پێێ کات و شوێنی خۆی چەند تایبەتمەندیەکی جیاوازی خۆی هەبووە. بە دڵنیایشەوە هیچ کام لەم قۆناغانە بێ کەم وکورتی و ئەزموونی ناخۆش کۆتایی پێ نەهاتووە.

بۆیە پرۆسەی هاوسەر گیری خێزان یەکێکە لە ئەرکە هەرە گرنگەکانی هەر کۆمەڵگایەك. بۆ ئەوەی بتوانێ تاکەکانی کۆمەڵ بە شێوەیەکی جوان بونیات بنێ و دوور بێت لە پچرانی شیرازەی کۆمەڵگا. لەم ڕووەشەوە خێزان وەك یەکەی پێکهێنەری کۆمەڵ ڕۆڵی خۆی دەبینێت. باشی و پەرتەوازەیی کۆمەڵ بەستراوە بە ڕادەی باشی و خراپی خێزانەوە. دیارو ئاشکرایە هەر کۆمەڵێك خێزانەکانی پەرتەوازەو بێ شیرازە بێت و هیچ ڕێزو بەهایەك دانەنێت بۆ پرۆسەی هاوسەرگیری بە شێوەیەکی دروست، ئەوە کۆمەڵگایەکی بێ شیرازەو لێك هەڵوەشاوە دەبێت و دووچاری دەیەها نەخۆشی ترسناکی زایەندی دەبێت وەك ئەیدزو سیلان و زوهری ... ... هتد. کە چارەسەرکرنیان زۆر ئەستەمە و وە پێداویستی ڕۆژانەیان بە هەزارەها دۆلاری دەوێت. بۆیە ئاینە ئاسمانیەکان بەگشتی و ئاینی ئیسلام بە تایبەتی گرنگیەکی زۆری بە پرۆسەی هاوسەر گیری داوەو وە دان دەنێ بە غەریزەو پاڵنەرەکانی ناوەوەی لاشەی مرۆڤ، وە سنورێکی دروستی داناوە بۆ تێر بوونی ئارەزوەکانی ناوەوەی مرۆڤ، وەك ڕێبازی ژنهێنان و شووکردن، وە زۆر هۆکار ئەبنە هۆی نەخۆشییە ترسناك و زایەندییەکان یەکێك لەو هۆکارانە ئەویش ڕێزنەگرتنە لە بنەماکانی خێزان و ئەو سنورو یاسایانەی کە بۆ سێکس دانانرێت، هەروەها لە ئەنجامی ئەم کارو کردەوە بێ سنووریانە، نەخۆشییە زایەندەکان ڕۆژ بە ڕۆژ بیرو هۆشی زانایان و پسپۆرانی ئەم بوارەی سەرقاڵ کردوە، وای لە پزیشکەکان کردووە دەنگی نارەزایی و هاواریان بگاتە گشت دەزگا بەرپرسەکانی یوئێن بۆ ڕزگاربوونیان لەم کارەساتەماڵوێرانیە. هەر وەك (جیمس ڕستون) لە نیویورك تایمز بڵاوی کردەوە (مەترسی وزەی کرداری جنسی لە کۆتایدا لە مەترسی وزەی ئەتۆم گەورەتر دەبێت) مەبەست لە کرداری سێکسی بێ سنوورە! کەوا خەریکە هەڕەشە لە هەموو ماڵێکی ئەم جیهانە دەکات و شارستانیە مادی وتەکنەلۆجیەکەمان لە بیر دەباتەوە. وە ئەو نەخۆشییە سامناکەش ڤایرۆسی ئایدزە. ئەم ڤایرۆسە بە ترسناکترین نەخۆشی دادەنرێت لە جیهاندا و ڤایرۆسەکانی ئەم نەخۆشیە خانەکانی لەشی مرۆڤ داگیر دەکات و جیهازی مەناعەی مرۆڤ وا لێدەکات کە توانای بەرگری کردنی نەمێنێت. ئەم ڤایرۆسە پێدەڵێن hiv ، زۆربەی سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن سەرەتای دەرکەوتنی ئەم ڤایرۆسە دەگەڕێتەوە بۆساڵی 1981. وە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپی و هەندێ لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات گیرۆدەی ئەم نەخۆشیە بوونە، بە ئەژدیهای سەدەی بیستەم ناوی دەبەن. بۆیە مێژونووسی بەناوبانگ (ئارنۆڵد نوینبی) پێمان ڕادەگەیەنێت پەرەسەندنی نەخۆشیە زایەندەکان لەوانەیە ببێتە هۆی داڕوخانی شارستانێتیەکان. باشترین خۆپارستن لەم ڤایرۆسە لە چەندین خاڵدا کۆدەبێتەوە بەڵام تەنها یەك خاڵی سەرەکی درێژە پێدەری باسەکەمانە، کە ڕۆڵی ونبوونی خێزانە.

-1دوور کەوتنەوە لە ئافرەتی سوزانی.

-2دروست کردنی خێزان.

-3پابەندبوون و ڕێز گرتن لە کرداری جووتبوونی ژن و میرَدایەتی.

ئەم چەند خاڵە تەنها ئاماژەیەکی کەمە بۆ تووش نەبوونی مرۆڤ لەم ڤایرۆسە خەتەرناکە، ئەوەی ڕاستی بێت زۆر هۆکاری تر هەن لە پەنای ئەم ڤایرۆسە. هیوادارین کوڕان و کچانی وڵاتمان بۆ ئەوەی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

گیرۆدەی ئەم دەردە کوشندەیە نەبن، پابەندی ڕەوشت و بەها جوانەکانی کوردەواری ببن و وە دووربن لەو ڕەوشتانەی کە نامۆیە بە موراڵە بەرزە جوانەکانی میللەتەکەمان. وە دروستکردنی خێزان بکەنە ڕێبازی ژیانیان بۆ ئەوەی دوور بن لە نەخۆشییە زایەندییەکان و مانەوەو پاراستنی شیرازەی کۆمەڵگای کوردستان. هەروەك زانای بەناوبانگی بریتانی (برتراند راسل) ئەڵێ: زۆر لە خەڵکانی کۆمەڵگا ڕۆژئاوایەکان تیاچوون، تیاچوون نەك لە بەر ئەوەی زانست و پێشکەوتنی مادی نەبێ، بەڵکو تیاچوون چونکە دوورن لە بیرو بڕوای ئیمان و هەستی ڕۆحی.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.